National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

## راپۆرتێك لەبارەی

# کێشەو گرفتەکانی مەرزی پەروێزخان

یەکەی چاودێری
حکومەتی خۆجێیی گەرمیان

# بەشی یەکەم: ڕاپۆرت

## پێشەکی

لەهەرێمی کوردستان چوار دەروازەی نێودەوڵەتی هەیە کە بریتین لـە (ئیبراهیـم خەلیل، باشـماخ، حاجی ئۆمـەران، پەروێزخان) لەگەڵ شـەش دەروازەی لاوەکی (پشـتە، سـەیران بەن، کێلێ، تەوێڵە، سەرزێر و پیشخابور).

لە مەرزەکان پرسی قاچاخچێتی و کاری نایاسایی لەگەڵ ترانزێت، بەخشـینی گومرگـی و کاری کۆمپانیـاکان بە ناڕوونـی دەبینرێن، دەوترێـت بونەتـە هـۆی دەسـتکەوتنی داهاتێکـی زۆر بۆ چەند کـەس و بەرپرسـێکی ناو حزبـەکان ئەمەش وایکـردوە لە خاڵە سـنورییەکانەوە داهاتی مانگانەی هەرێمی کوردسـتان بەراورد بە داهاتە ڕاستەقینەکەی زۆر کەمبێت.

ئـەم ڕاپۆرتـە تایبەتـە بـە بەدواداچـون بـۆ کارەکانـی مەرزی پەروێزخـان کە دەکەوێتە سـنوری گەرمیان، تێدا تیشـکخراوەتە سـەر داهاتـی مەرز و کاری قاچاخچێتی لـە دەروازەکە چۆن بوە ئێسـتا چۆنە، ژمارەی ئەو کۆمپانیا تایبەتانەی لە مەرزەکە هەن و چۆنیەتی ئێشـکردن و هۆکاری بونیان، لەگەڵ باسکردنی چەند بابەتی دیکەی پەیوەست بەم دەروازە نێوە

## ناساندنی مەرزی پەروێزخان

مەرزی پەروێزخان: یەکێکە لە دەروازە نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردسـتان و دەکەوێتە سـنوری گەرمیان، هاتوچۆی گەشتیاری و کاری بازرگانـی لـە نێوان هەرێمی کوردسـتان و وڵاتی ئێرانی تێدا ئاڵوگۆڕدەکرێت، لە ساڵی ١٩٩٦ کراوەتەوەو لە ساڵی ٢٠١١ بەفەرمی وەک مەرزێکی نێودەوڵەتی ناسێندرا.

لە ڕوی کارگێڕیەوە دابەشـبوە بۆ دو بەش کە ئەوانیش مەدەنی و ئەمنین بەم شێوەیە،

بەشـی مەدەنی (بەشـەکانی کارگێـری و ژمێریـاری، پشـکنین و هۆبەکانـی فەرمانگـە پەیوەندیـدارەکان وەک بەڕێوبەرایەتـی تەندروسـتی، بەڕێوبەرایەتـی کشـتوکاڵ، بەڕێوبەرایەتی نەوت و کانزاکان، کۆنترۆڵی جۆری لەگەڵ تاقیگەی بیناسازی) .

بەشـی ئەمنی (پۆلیسـی گومرک،ئاسـایش، بەرگری شارستانی، پۆلیسی هاتوچۆ و نشینگە).

## یەکەم: داهاتی مەرزی پەروێزخان

### ١. پەرلەمان: داهاتەکەیان بۆ ئێمەش ئاشکرانەکرد

داهاتـی مـەرزەکان لـە هەرێمی کوردسـتان بە ئاسـانی و وردی ئاشکرا ناکرێن، تەنانەت پەرلەمانتارانیش ماوەی ساڵێکە چاوەڕێی حکومەتن بۆ ئەوەی داهاتەکەیان بۆ ئاشکرا بکات.

کۆتایی مانگی ئەیلول و سـەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ لیژنەیەک لە پەرلەمانی کوردسـتان سـەردانی دەروازەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کرد.

شیرین ئەمین، سەرۆکی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان کە لە لیژنەکە بەشـداربو دەڵێت: ئێمە ڕاسـپێردراین بەدواداچون بۆ ئەو پاشـاگەردانیەی مەرزەکان بکەیەن کەچی ماوەی زیاتر لە ساڵێکە چاوەڕێی وەڵامی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی داراین بۆ ئەوەی بزانین داهاتی مەرزەکان چەندە .

### ٢. ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانی: داهاتەکەی مانگانە ٢٠ بۆ ٢٢ ملیار دینارە

دەروازە نێودەوڵەتیـەکان کۆڵەکەیەکـی گرنگـی داهاتن، مەرزی پەروێزخان داهاتەکەی بە پێی زانیاریەکانی ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، مانگانە دەگاتە (٢٠بۆ ٢٢) ملیار دینار.

کەریـم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سـلێمانی، دەڵێت: ئەگـەر حکومەت بیەوێـت ئەو داهاتە بەرزدەکاتەوە بۆ سـەروی ٤٠ ملیـار دینار، ئـەوەش بەرێکخسـتنەوەی کاری ناو مەرزەکە، ئـەو کۆمپانیایانەی کە کاردەکەن ڕێکبخاتـەوە بڕی داهاتیان بۆ حکومـەت زیادبـکات، کۆمپانیاکان زەرەرمەندنیـن لەو نێوەندە، چونکە داهاتەکەیان زۆرە، یان کاری ئەو کۆمپانیانە وەک پێشوتر حکومەت خۆی بیکات.

### ٣. مـەرزی پەروێزخـان: کۆتایـی سـاڵ داهاتەکە ئاشکرا دەکەین

بەرپرسـانی مـەرزی نێودەوڵەتـی پەروێزخـان ئامادەنین داهاتی مەرزەکە ئاشکرابکەن.

عەلی تۆفیق، سەرپەرشـتیاری مـەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان، ئامادەی ئاشـکراکردنی داهاتی مەرزەکـە نەبو، بەهۆکاری ئەوەی لەیەکدانەوەی جیاواز و هەڵەی بۆ دەکرێت.

بـەڵام عەبـاس ئیسـماعیل، وتەبێژی مەرزەکە ئـەوەی بە یەکەی چاودێـری ڕاگەیاند، کە بڕیاریان داوە کۆتایی سـاڵ داهاتی ٢٠٢٠ ئاشکرابکەن، ئەمە لە کاتێکدایە ساڵی ڕابردو ئاشکرا نەکرا.

سەبارەت بە داهاتی گومرگی پەروێزخان لە مانگێکدا، ئاسۆ قادر لەیل، کە لەمسـاڵدا بۆ ماوەی ٢ مانگ سەرپەرشتیاری دەروازەی پەروێزخان بو، لە دیدارێکیدا لە سـایتی خەندان دەڵێت: **"ناتوانم ئامارێکی ورد بڵێم، بەڵام لەماوەی مانگی یەکەمی دەستبەکاربونم، نزیکەی یەک ملیار دینار داهاتی گومرگی مەرزەکە زیادی کردوە"** .

## ٤. قاچاغ و داخڵکردنی بار بەبێ گومرک و پشکنین

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان کە لەلیژنەی بەدواداچون بوە بۆ مەرزەکان، دەڵێت: ئەوەی کراوە و دەکرێت تەنها قاچاغ نیە، بەڵکو کارێکی گروپ و رێکخراوە.
شیرین ئەمین، وتی: لە مەرزی پەروێزخان چەندین جۆری کاری قاچاخچێتی دەکرێت، لەوانە: هێنان و بردنی کەلوپەلی رێگەپێنەدراو و نایاسایی، وەک: (جگەری بەستو، دوگ، سەروپێ، مادەی هۆشبەر، سەیارەی خوار مۆدێل)، لەگەڵ جۆرێکی دیکەی هێنانی کەلوپەلی رێگەپێدراو، بەڵام بە بێ پشکنین و گومرک، بەشێوەیەک ئۆتۆمبێلی وا هەیە بەبێ کرنەوەی دەرگاکەی لە مەرزی پەرێزخان داخڵی هەرێم کراوە، ئیتر نازانرێت ئەمە میوەی گەنیوی تێدایە مادەی هۆشبەرە یان خواردنی بەستوە!؟
لە (٢٠٢٠/٨/١٥)، ئاسۆ قادر لەیل، بەرێوەبەری ئەوکاتی دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان، لەبارەی دۆخی دەروازەکەوە بەمشێوەیە قسەی بۆ میدیای فەرمی حزبەکەی (بزوتنەوەی گۆران) کردبو: رۆژانە شەش جۆر کاری نایاسایی و قاچاخچێتی (هێلکە، مریشک، دوگ، پیاز، خەیار و ئوتومبێلی خوار مۆدێلی یاسایی) مامەڵەی نایاساییان پێوە دەکرێت و برێکی زۆر داهاتی لێوە پەیدا دەکرێت لە دەروازەکەوە، ئەمەش بەشێکی گەورەی دەستخستنی داهاتی نایاساییە لەلایەن ژمارەیەک بەرپرسەوە.
کەچی لە (٢٠٢٠/٨/١٦) ئاسۆ قادر لەیل، سەرپەرشتیاری دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان بە سایتی فەرمی ئیدارەی گەرمیانی رایگەیاند: دەتوانین بڵێین مەرزی پەروێزخان پاکترین و چاکترین مەرزی هەرێمی کوردستان و عیراقیشە و چەندین باری نایاسایمان گرتوە و مەلەفەکانیان ئاراستەی دادگا کراوە.
"لەناو بازاڕی کەلار دو نوسینگە بە ئاشکرا بۆ کاری قاچاغچێتی دیاری کرابو" وەک کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت. زیاتر وتی: ناونیشانی تەواوی یەکێکیانمان دەستکەوت زانیاریش هەیە و بەوتەی چەند بازرگانێک ئەم ماوەیە نوسینگەکان لابراون.

## ٥. چالاکوانێک: بەداتای ورد بۆمان دەرکەوتوە ٧٠٪ی کاری بازرگانی لە مەرزەکە نایاسایی بوە

چالاکوانێک ئاشکرای دەکات بە داتایەی لایانە دوای گرتنەبەری رێکاری توند و بونی فۆکسی زۆر لەسەر مەرزەکە، دەرکەوتوە (٧٠٪) داهاتی مەرزەکە بە کاری قاچاچچێتی رۆشتوە، پەرلەمانتارێکیش ئاشکرای دەکات بەرپرسانی مەرز نایانەوێت لەوە زیاتر ناوی مەرزکە بزرێت.
رۆژنامەنوس: ئاراز محەمەد، ئەوەی خستەڕو بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی کە بەبەڵگەوە دەستیان کەوتوە، داهاتی مەرزی پەروێزخان پێش ئاشکرابونی ئەم قاچاخچێتیە لە رۆژێکدا (٣٥٠ بۆ٤٧٠) ملیۆن دینار بوە، دوای حەفتەیەک لە ئاشکرابون و دوای هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی و رێکخستنی، داهاتەکە لە رۆژێکدا زیادی کردوە بۆ (یەک ملیار و سەد ملیۆن) واتە سێ هێندەی پێشو زیادی کرد.
وتیشی: هەرلەمەوە بۆمان دەرکەوت کە (٧٠٪)ی باری داخلکراو بە قاچاغ بوە، ئێستاش بەدڵمان نیە، بەڵام تاڕادەیەک کۆنترۆڵکراوە.
پارلەمانتار: شیرین ئەمین، هەمان رای هەیە و کەمبونەوی قاچاخی بەرێژەیەکی دیاریکراو گەڕاندوە بۆ ئەو فۆکسە زۆرەی کە لەسەر مەرزەکە دروستبو، وتی: "ئەوە هەرای نایەوە". خاڵێکی دیکەشی گەڕاندوە بۆ ئەوەی کە بەرپرسانی مەرزەکە دەیانەوێت زیاتر لەوە ناوی مەرزەکە نەزرێت.

**«لە ئێرانەوە بە کارتۆنی عێراقی هێلکەی ئێرانی هاتۆتە هەرێمەوە»**

## ٦. بازرگانێک: ئەوەندە شتی گەنیویان لە پەروێزخانەوە داخڵکرد شکۆمان شکا

یەکێک لە بازرگانەکان لە مەرزی پەروێزخان ئاماژەی بەوەکرد: ساڵانی پێشو کە بار لە مەرزی پەروێزخان دەچوە شوێنەکانی دیکە، دەیانوت پشکنینی ناوێت ئەوەندە بارەکان بێکێشە بون، کەچی ئێستا باری قاچاخ ئەوەندە ناوی مەرزەکەی پیسکردوە، کە کەلوپەلەکان دەچنە مەرزەکانی دیکە دەڵێن هی پەروێزخانە هەموی دوبارە دەپشکنەوە.
فەرهاد حەمید، باسی کاریگەری ئەم دۆخە لەسەر نرخی بازاڕیش دەکات و دەڵێت: ئەمە کاریگەری زۆر خراپی کردبوە سەر کارەکانی ئێمە، بەنمونە من کەرەستەیەکم دەهێنا بە (١٢٥٠) دینار دەمفرۆشت، کابرا کە بە قاچاخ هێنابوی بە (٧٥٠) دەیفرۆشت و زەرەری زۆری دابو.

## ٧. مۆدێلێکی دیکەی قاچاخ سەریهەڵداوە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی "نهێنیەک" لە بارەی گۆڕینی شێوازی داخڵکردنی کاڵا و بارهەڵگرەکان لە مەرزی پەروێزخان روندەکاتەوە و دەڵێت: ئێستا مۆدێلێکی نوێ هاتۆتە پێش، ئەویش لەناو باری سەوزە و میوە ئۆتۆمبێلی خوار مۆدێل دێت، ئیدارەی مەرزەکە لەم کارە بەرپرسە، دەتوانێت زیاتر توندوتۆڵیی بداتە ئەو بابەتە.
کەریم عەلی، وتیشی: یان لە دیوی ئێرانەوە بە کارتۆنی عێراقی هێلکەی ئێرانی هاتۆتە هەرێمەوە لێرە بەرواری لێدراوە. بەنمونە بار هەبوە دەستی بەسەر گیراوە رێکەوتی٢٠ی مانگی حوزەیران بوە، کەچی ئێکسپایەریەکەی ٢١ حوزەیرانی لێدراوە.
ئەمە لە کاتێکدایە لە مانگی ئۆکتۆبەردا (٨٦) بار لە مەرزەکە دەستیان بەسەردا گیرا بەهۆی هێنانی باری نایاسایی و هەوڵدان بۆ نەدانی گومرک و دەربازبونیان بە بێ پشکنین.
عەباس ئیسماعیل، وتی: ئەو(٨٦) بارهەڵگرە ئەوانەی کە بارەکەیان یاسایی بو دەیانویست بە بێ دانی گومرک داخڵی بکەن، پارەی گومرکمان لێوەرگرتن و داخڵی هەرێم بون، بەڵام ئەوانەی کە بارەکانیان کەلوپەلی نایاسایی بو سزادراون و بارەکانیان رەوانەی ئێران کرایەوە.

## ٨. کێ لەپشت قاچاخچێتی و کاری نایاساییە لە مەرزی پەروێزخان

"ئەوەنیە بڵێین حکومەت نازانێت یان ئیدارە نازانێت کە ئەم قاچاخچێتیە دەکرێت، هەموی ئاگەدارە ئەو کەلوپەلانە بە قاچاخ ئەبرێت یان ئەهێندرێت، ئەوانەی کە بێدەنگن دو هۆکار هەیە: یان بەشێکن لە تالان بردنەکە، یان ئەوەتا دەسەڵات و قودرەتیان ناشکێت بەسەریدا". چالاکوان: ئاراز محەمەد، وادەڵێت.

دەشڵێت: کەحکومەت دەستی نەشکایەوە بەسەر پرسێکا حزب تەداخول دەکات، کە حزبیش تەداخولی کرد، کەسەکان بە پێی بەرژەوەندی خۆی کاری تێدا دەکەن، دەبینین لێرە کۆمەڵێک کەس و گروپ داهاتی پێ کۆدەکەنەوە، سەرچاوی هێنانی مەواد و کەرەستەی خراپ و کوالێتی خراپن و قاچاخ و باری خراپی وڵاتانی دیکە لە بازاڕی کوردستان و خوارووی عێراق ساغ دەکەنەوە.

وتیشی: حزبە باڵادەستەکانی ئێرە ئەبینین یەکیان لە رێگەی گروپی کۆمپانیاکانی قەیوان و یەکیان لەڕێگەی کۆمپانیای لۆکس ئەجێنسی و تەعقیمەوە خەریکی داهات کۆکردنەوەن، بەشێوەیەک ئیشەکە دیاریە، چونکە گۆڕان حزبێکی دژ بەیەکێتیە ئەگەر هاوبەش نەبوایە لە میدیاکانیەوە باسی دەکرد و وەک حزب هەڵوێستی دەبو.

لە بارەی هەڵوێستی ئیدارەی سنورەکەشەوە ئاماژەی بەوەکرد، سەرپەرشتیاری ئێستا تازەیە، بەڵام سەرپەرشتیاری پێشو دەیزانی قسەی بۆ کراوە خۆی لە ئیعلام بینیویەتی ئاگای لێبو، بەڵام هیچ هەڵوێست و قسەیەکی نەبو لەمەسەلەکە.

"گروپێکی ناو حزبێکی باڵادەست لەم سنورە سەرپەرشتی دەکات". ئەمە رای کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیە و دەڵێت: رۆژانە داهاتێکی زۆریان دەستدەکەوێت، بەنمونە لەیەک بار دەگاتە دەفتەرێک دۆلار.



## ٩. وتەبێژی مەرزی پەروێزخان: قاچاخچێتی کۆتایی هاتوە

لە بارەی قاچاخچێتی کەلوپەلی یاسایی و نایاسایی، هیچ بەرپرسێکی مەرزی پەروێزخان ئامادەی قسەکردنی رون نیە لەبارەیەوە.

لای خۆشیەوە وتەبێژی مەرزەکە تەنها ئەوەندەی وت: "قاچاخچێتی کۆتایی هاتوە".

لەبارەی ئەوەشی تاچەند هۆکاری زیادبونی داهات پەیوەندیدارە بە کەموبونەوەی کاری قاچاخچێتی، وتی: هۆکاری زیادبونی داهات پەیوەندەی بە داخستنی مەرزەکانی باشوری عێراقەوە هەیە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ ماوەیەک کارەکانی راگرتبو، لەبەر ئەوەشی نزیکترین دەروازە لە شارەکانی باشوری عێراق پەروێزخان بو، بۆیە ئاڵوگۆڕ تێیدا زیادی کرد.

عەلی تۆفیق بەڕێوبەری دەروازەی نێودەوڵەتی پەروێزخان، جەختی کردەوە هەر قسەیەک بۆ رێکخستنی کاری مەرزەکە کرابێت شوێنی خۆی گرتوە و کاری جدی دەکرێت لەبارەیەوە.

## ١٠. پەرلەمانتارێک باس لە پشتوانی هێزی ئەمنی دەکات بۆ ئەم کارە

عەلی حەمەساڵح، پەرلەمانتاری کوردستان، یەکێکە لە ئەندامانی لیژنــەی بەدواداچونــی دەروازە ســنوریەکانی هەرێــم، لە پەڕەی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەڵێت: "لە هەموی مەترسیدارتر ئەوەیە کە دامەزراوە ئەمنییەکان بون بە یارمەتیدەر بۆ ئەم کارە".

یەکــەی چاودێــری حکومەتــی خۆجێــی گەرمیان بــۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر وەڵامی هێزە ئەمنیەکان، بۆ ئەم پرسە، پەیوەندی بە عوسمان عەبدولکەریم، لێپرسراوی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانەوە کرد، بەڵام وەڵامەکەی ئەوەبو کە ئەوان ســەرنجیان نیە لەســەر ئەو پرسە و ئامادەی قسەکردن نەبو.

علی حەمەســاڵەح، لەســەر ئەو پرســە زیاتــر ڕونکردنەوەی داوە و دەڵێــت: "بــۆ ئــەم کارە پۆلیس و ئاســایش ئاســانکارییان بۆ دەکەن لە بازگە و خاڵەکانی پشکنین بۆ ئەوەی بارەکانیان بهێننە نــاوەوە، ئەگەر هاوڵاتییەک بار بهێنێت داوای وەرەقەی گومرگ و دۆکیۆمێنتەکانی لێدەکرێت، بەڵام ئەمانە ئاسایشەکان پاسەوانیان دەکەن، کۆدەکەشــیان ئەوەیە کە (باری تایبەت)ی تێدایە، نرخی هێنانە ناوەوەشیان جیاوازە، بۆ نمونە خەیار و میوەکان بە چوار هەزار دۆلارە، بەڵام هێلکە بە ١٢ هەزار دۆلارە".

## ١١. سەرپەرشــتیاری مــەرزی پەروێزخــان: دەبێت هێزی نیشتیمانی هەبێت بۆ باشترکردنی کارەکان

بەڕێوبــەری مــەرزی پەروێزخــان دەڵێت: هێــزە ئەمنیەکان ڕۆڵی باشــیان هەیە، هێزەکانی ئاســایش ڕۆڵی پاراســتنی ئەمنیەتیان هەیــە، پۆلیســی گومرک ســەر بەحکومەتی عێراقــن و چاودێری بارەکان دەکەن، پۆلیس کاری ڕێکخســتنی نــاو مەرزەکە دەگرنە ئەستۆ.

وتیشــی: کاری نایاسایی لە هەمو دونیا هەیە، بەڵام بە ڕێکخستن و سیســتەمی تۆکمە کەمترین حاڵەت دەهێڵنەوە، ئەمە پرســێکی هەستیارە لە دونیادا، چونکە سەرچاوەی داهاتە.

لــە بارەی وەڵامی بۆ قســەی پەرلەمانتارانــی لیژنەی بەدواداچون کــە دەڵێــن هێــزی چەکدار هــاوکارە بــۆ هێنانی بــاری قاچاغ و داخلکردنی بار بەبێ گومرک و بەبێ پشکنین، عەلی تۆفیق، وتی: "بۆ ریکخســتنی کارەکان پێویســتمان بە بەنیشتیمانی کردنیانە، چونکە تا ئێســتا هێزەکان لە هەرێم نیشتیمانی نین و دەبێت ئەو کارە لە ئاستی باڵا چارەسەربکرێت".

## ١٢. لەسەر ســاختەکردن خەڵک دەستگیر کراوە و بەڕێوبەری گومرگ لێدوان نادات

لــە مــاوەی پێشــودا نزیکەی پانزە کەس لەســەر ســاختەکردنی پســولەی گومرگــی (٣٧ئەلیف) لە لایەن پۆلیســەوە ڕاگیراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت کە یەکێک لەو کەسانەی ڕاگیراوە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەســت یەکــەی چاودێری کەوتون، باس لــەوە دەکرێت ئەو پســولانەی کــە لە پەروێزخان ســاختەکراون، نزیکەی ٤٠٠ وەسڵە و بری پارەکەی دەگاتە چوار ملیار دینار.

پەیوەندیــدار بــەم پرســە و نەدانی گومرگ لەلایەن بەشــێک لەو بارانەی کە ناونراون تایبەت و داخلکردنی بار بە شــێوەی قاچاخ، بــۆ وەرگرتنی لێــدوان لە بەڕێوبــەری گومرکی گەرمیان (حســێن ئەحمــەد)، چەنــد جارێک پەیوەندیمان بە ناوبــراوەوە کرد، بەڵام جارێــک بە بیانوی ئەوەی نەخۆشــە جارێک بە بیانوی ئەوەی لە دەوام نیــە و جارێکیش بە وەڵام نەدانەوەی پەیوەندیەکان، خۆی لە قسەکردن بوارد.

## «چیدیکە ریگەنادەنە ئەو کەسانەی کە نەفس نزم بون چەندین کاڵاو خۆراکی خراپ و گەنیویان داخڵدەکرد ئەو کارە بکەنەوە»

## ١٣. سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان: چاودێریەکی وردی مەرزەکە دەکەین

سەرپەرشــتیاری ئیدارەی گەرمیــان ئاماژە بــەوەدەکات چیدیکە ریگەنــادەن ئــەو کەســانەی کە "نەفــس نزم بــون چەندین کاڵاو خۆراکی خراپ و گەنیویان داخڵدەکرد"، ئەو کارە بکەنەوە.

جەلال شێخ نوری، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کە ماوەی ٣ مانگە لەو پۆستەدایە، دەڵێت: سەرپەرشتیار و بەڕێوبەری گومرکی پەروێزخانم ئاگادارکردوەتەوە لە کۆتاییهێنان بە کاری نایاسایی و قاچاغ لە مەرزەکە، پێشــموتون هەرکەس خۆی لەسەروی یاساوە دەزانێت و ئەو کارە دەکات، ئیدارەی گەرمیان ئاگاداربکەنەوە.

وتیشی: بەشێوەیەکی ورد دەستمان بەچاودێریی کردوە لە مەرزی نێوەدەوڵەتی پەروێزخان، هەرکەس کاری نایاسای بکات یان باری قاچاغ داخڵبکات، ڕوبەڕوی دادگای دەکەینەوە.

# دووەم: کاری کۆمپانیاکانی مەرزی پەروێزخان

## ١. وتەبێژی دەروازەکە: کۆمپانیاکان بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران نێردراون

لە مەرزی پەروێزخان ژمارەیەک کۆمپانیا کاردەکەن و لەژێر ناوی جیاجیا پارە بۆ کێشان و پشکنین و دڵنیایی و ناوی دیکە وەردەگرن.
کۆمپانیاکانی مەرزی پەروێزخان ئەمانەن: (لۆکس ئەجێنسی، کێشان، مەنەفێس، کۆمپانیای پاکژکەرەوە (دژ بە ڤایرۆس)، دڵنیایی، موخەڵسی گومرکی....).
وتەبێژی دەروازەکە باس لە هۆکاری دەستبەکاربونی کۆمپانیاکان کرد لە مەرزەکانی هەرێم.
عەباس ئیسماعیل، رایگەیاند: ئەوە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانە کە کۆمەڵێک ئامێر و کەرەستە هەیە تێچوی زۆرە و حکومەت ناتوانێت دابینی بکات، بەوهۆکارە کۆمپانیاکانی ناردە مەرزەکان.

## ٣. ”بۆ سەیرکردنی خاولیەک پازدە هەزار وەردەگرن“

کۆمپانیای لۆکس ئەجێنسی پشکنینی فیزیایی و کیمیای دەکات پشکنینی فیزیای سەیری رەنگ و قوپایی ئیکسپایەری دەکرێت هەر پشکنینێکی بە پێنج هەزار.
بۆ تاقیکردنەوەی فیزیای، فەرهاد حەمید، کە خۆی بازرگانە دەڵێت: پارەیەکی زۆر زۆرمان لێوەر دەگرن، بەشێوەیەک پانزە هەزار بەتەنها بۆ سەیرکردنی خاولیەک وەردەگرن بۆ چەندین شتی دیکەش هەروایە کە شەرمە باسی بکەین.
”بۆ رەنگی سێو هەر رەنگە و پێنج هەزار وەردەگرن، ئەگەر لە بارێک سێوی سور و سەوز و زەردت پێبێت دەبێت پارەی جیاوازی رەنگەکانی بدەین“. ئەمە قسەی محەمەد حەمەئەمین، نوێنەری شۆفێرانی مەرزی پەروێزخانە.
دەشڵێت: نازانین جیاوازی نیوان پشکنینی حکومی و کۆمپانیاکە چیە؟! بار هەیە ئەوەی حکومیەکە رەزامەندە کۆمپانیاکە رەتی دەکاتەوە!
تاوەکو پێش (٢٠١٩) حکومەت خۆی پشکنینی بۆ کاڵا و شمەکەکان دەکرد و داهاتەکەی ١٠٠٪ بۆ حکومەت بو، بەشێکیشی بۆ فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

### ٢. کاریگەری و گرفتەکان

قسەیەکی زۆر هەیە لەسەر کاری کۆمپانیاکان لە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان لەروی زۆری نرخ و کەمی داهات بۆ حکومەت و نایاسایی بونی کارەکانیان، ئەو کۆمپانیایانەی کار دەکەن لە مەرزی پەروێزخان، ٨٠٪ی داهاتەکەیان بۆ خۆیانەوە ٢٠٪ی داهاتەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ حکومەت ئەمە لەکاتێکدایە دەوترێت بەشێکیان ئەو بڕەش ناگەڕێننەوە کە لەدرێژەی راپۆرتەکە ئاماژەی پێکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە ئاماژە بەوەشکراوە کە حکومەت خۆی دەتوانێت ئەمە بکات.

## ٤. کۆمپانیا لە ماوەی ساڵێک زیانی ٢ ملیۆن دۆلار لە تەندروستی گەرمیان دەدات

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی دەنگ لە مانگی کانونی دوەمی ٢٠٢٠، ئەوەی ئاشکرا کرد بەتەنها لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی ٢ ملیۆن دۆلار یان لە پارەی ئەو پشکنینانەی دەیانکرد لە مەرزەکە لەدەستداوە، ئەوان رەزامەندیشیان نەداوە بۆ کارکردنی ئەو کۆمپانیایە.
ئەمە لەکاتێکدایە بە وتەی کەریم عەلی، پشکنینەکانی حکومەت بە نرخێکی رەمزی بوە کە پێنج هەزار دیناربوە، ئێستا هەمان ئەو پشکنینانە کۆمپانیاکان لە ٣٠ هەزارەوە دەستپێدەکات.
هاوکات بەو هۆیەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ و تاقیگەی بیناسازی گەرمیانیش کارەکانیان وەستێندراوە.

## ٥. کۆمپانیای لۆکس ئامادە نیە زانیاری لەسەر کارەکەیان ئاشکرا بکات

یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بۆ وەرگرتنی زانیاری و چۆنیەتی کارەکانیان و دیاریکردنی نرخەکانیان، پەیوەندی بە: هێرش جەلیل، بەڕێوبەری کۆمپانیای لۆکس ئەجێنسیەوە کرد، ناوبراو بەڵێنیدا لە رۆژی پێنجشەمە (٢٠٢٠/١١/١٩)، ئامادەیی هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و زانیاریەکان بخاتەڕو، بەڵام لەو رۆژەدا دوای چەند جارێک پەیوەندی کردن بە ناوبراوە و ناردنی پەیام، وەڵامی نەدایەوە.

## ٦. ”بەڕێوەبەری گشتی کاری کۆمپانیاکانی دڵنیایی کار بە نوسراوی بریکاری وەزیر ناکات“

دوای ئەوەی لەسەر سکاڵای دو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کارەکانی کۆمپانیایی دڵنیای راگیرا دوای شەش مانگ دەستی بەکارکردوەتەوە، کە بڕەکەی (٢٠) هەزار دینارە، لە هەرشۆفێرێک وەردەگرێت کە هاتوچۆی دەروازەکە دەکات، دەوترێت لە کاتی رودانی روداوی نەخوزراویشدا تاکو ئێستا قەرەبوی هیچ شۆفێرێکی نەکردوەتەوە!
کەریم عەلی، لە بارەی سکاڵاکەیان و کارکردنەوەی کۆمپانیاکە وتی: جێگای سەرسوڕمانە دوبارە لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی کاری کۆمپانیاکانی دڵنیایی لە وەزارەتی دارایی نوسراوی پشتیوانیان بۆ کراوە و لە ئێستادا دەستبەکاربون و رایگەیاندوە کە ئەو جۆرە دڵنیاییە دەبێت ئیجباری و ئیلزامی بێت، لە کاتێکدا نوسراوی بریکاری وەزارەتی داراییمان لایە دەڵێت سود وەرگرتن لە خزمەتگوزاری ئەو جۆرە کۆمپانیایانە ئارەزومەندانەیە و ئیجباری نییە!
بۆیە دوبارە وەکو دو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە یاداشتێک داواکاری گشتی و دادگای لێکۆڵینەوەی خانەقین/قۆرەتومان لە بابەتەکە ئاگادارکردەوە، کەریم عەلی، دەشڵێت: داوای ئەو بڕە پارەیەش دەکەین کە لە رابردودا وەریان گرتوە، بۆ ئەوەی بکرێتە خزمەتگوزاری بۆ ناوچەکە.
عەباس ئیسماعیل، وتەبێژی مەرزەکە، لە بارەی کارکردنەوەی ئەم کۆمپانیایەوە دەڵێت: ئێستا بەشێک لە داهاتەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت بۆیە رێگەی پێدراوە کاربکاتەوە و کارەکانی پەیوەستە بە وەزارەتەوە.

## ٧. "چەند شۆفێرمان توشی روداو بوە و وەڵامی هەرنەداوەتەوە"

نوێنەری شۆفێرانی مەرزی پەروێزخان باسیلەوەکرد چەندین شۆفێریان توشی روداوی هاتوچۆ بون، بەڵام نەوەک هەر پارەیان بۆ خەرج نەکردون، بەڵکو هەر وەڵامیشیان نەداونەتەوە.
محەمەد حەمەئەمین، لە ساڵی یەکەمی کردنەوەی مەرزی پەروێزخانەوە لەو دەروازەیە کاردەکات، جەختیکردەوە کە چەندین کەسیان توشی روداوبون هەر وەڵامیش نەدراونەتەوە بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێن.
شیرین ئەمین، دەڵێت: نەوەک هەر ئەوەی بەناوی بیمەی سەلامەتیشەوە پارە لە هاوڵاتی و شۆفێر وەردەگرن، کەچی لە مەرزەکە هەرشتێکت بەسەربێت تەنانەت چارەسەری سەرەتاییش نیە بۆت بکرێت.

## ٨. داهاتی قەپانەکان بۆ رێگاوبانە، بەڵام پارەکە ونە

لە چوار مەرزە نیودەوڵەتیەکەی هەرێم شێوازی کێش جیاوازە لە دەروازەکانی (ئیبراهیم خەلیل و حاجی ئۆمەران) سیستەمی کێشان راستەوخۆ حکومەت سەرپەرشتی دەکات، بەڵام لە دەروازەکانی (باشماخ و پەروێزخان) کەرتی تایبەت بەرێوەی دەبات.
لە مەرزی پەروێزخان هەشت وێستگەی کێشان کاردەکات، کارەکانی ٢٤ کاتژمێریە.
رزگار محەمەد ئەحمەد، بەرێوبەری کێشی مەرزی پەروێزخانە، دەڵێت: هەمو ئۆتۆمبێلێک کە باری پێبێت داخڵی مەرزەکە ببێت کێشانی دەکەین، نرخی کێشان جێگیرە و وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم دیاریکردوە.
گلەیشی هەیە لە حکومەت لەو روەوە کە هاوکاریان ناکات بۆ ژمارەی کاری کێشانی رۆژانەیان، وتی: بارەکان بە پێی وەرزەکان کەم و زیاد دەکات، بە نمونە وەرزی هاوین کەمترە رۆژانە (٣٥٠-٤٥٠ ) ئۆتۆمبێلی بار دێت، بەڵام زستان دەگاتە سەروی (٦٠٠) ئۆتۆمبێل، بۆ وەرگرتنی پارەکەش ئێمە لەکاتی وەرگرتنی وەسڵ، راستەوخۆ لە بانکی ئاشتی لە سلێمانی ١٠٪ پارەکە بە کاشی وەردەگرن.
ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش باسلەوەدەکات، کێشان بە پێی یاسایی ژمارە سێ ساڵی (٢٠١٢) دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن لەلایەن سێ وەزارەتەوە سەرپەرشتی بکرێت (وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، دارایی و ناوخۆ)، بەپێی هەمان یاسا حکومەت دەتوانێت ٢٥)٪)ی داهاتەکەی بۆ کەرتی تایبەت بێت و مەسروفاتەکەی لەسەر کەرتی تایبەت بێت، لەبەرامبەردا (٧٥٪)ی داهاتەکەی بۆ حکومەتە، ئەویش دەبێت لە چاککردنی رێگاوبانی ناوچەکە خەرجی بکات.
کەریم عەلی، وتیشی: کەچی لە سنوری پارێزگای سلێمانی ٢٠٪ بۆ حکومەتە و ٨٠٪ بۆ کۆمپانیاکەیە! پارەکە هەموی بۆ شەخس دەڕوات، چونکە ئەگەر بۆ رێگاوبان خەرج بکرێت رێگاکەیان بەوشێوە نەدەبون.
لە بەرامبەردا، عەدنان خەلیل، بەرێوبەری بەرێوبەرایەتی رێگاوبانی گەرمیان، جەختیکردەوە لەوەی هیچ برە پارەیەک بەو ناوە نەهاتوە بۆ بەرێوبەرایەتیەکەیان تاوەکو بۆ رێگاوبانەکانی خەرج بکەن.

## ٩. تاوەکو ١٠ ساڵی دیکە لە پەروێزخان هاتوچۆت کرد دەبێت پارە بۆ کۆرۆنا بدەیت

کۆمپانیایەکی تایبەت بە دەرمانرێژکردنی ئۆتۆمبێل دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەستی بە کارکردوە لە دەروازەی پەروێزخان، شۆفێرەکانی مەرزەکە نیگەرانن و دەڵێن: لە دیوی ئێران پارە نادەین، بەڵام لێرە (١٠$)مان لێوەردەگرن، ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاش سەرسوڕمانی خۆی دەردەبرێت بەوەی چۆن گرێبەست بۆ نەخۆشیەک دەکرێت کە نازانرێت کەی کۆتایی دێت و ١٠ ساڵی بۆ دادەنرێت؟! وتەبێژی مەرزەکەش دەڵێت کۆمپانیاکە پارەی زۆری خەرج کردوە دەبێت قەرەبوی بۆ بکرێتەوە.
کۆمپانیای پاکژکەرەوە، دەرمانرێژی ئەو ئۆتۆمبێلانە دەکات کە لەدیوی ئێرانەوە داخڵ بە هەرێم دەبن، بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک بڕی (١٠$) وەردەگرێت، ئەمە لەکاتێکدایە نوێنەری شۆفێریەکانی مەرزی پەروێزخان دەڵێت: لە دیوی ئێران بەهەمان شێوە دەرمانرێژی ئۆتۆمبێلەکانمان دەکرێت، بەڵام لەوێ ئەمە نیشتمانیە و ئەرکی حکومەتە و پارە وەرناگیرێت.
محەمەد ئەمین، نوێنەری شۆفێرانی مەرزی پەروێزخان، ئاماژەی بەوەکرد ئەو جۆرە کارە ئەرکی حکومەتە بەبێبەرامبەر ئەو کارە بۆ هاوڵاتیانی خۆی بکات، لێرە دراوە بە کۆمپانیا و بۆ هەر هاتنەوەیەک لە ئێران ١٧ هەزار دیناری عێراقیمان لێوەردەگرن.
بە پێی ئەو زانیاریانەی کەریم عەلی دەیخاتەڕو، ئەوکارە حکومەت خۆی دەتوانێت بە ($٥) بیکات و پارەیەکی کەمتر لەسەر هاتوچۆکەرانی مەرزەکە بکەوێت، دەشڵێت: بۆ ئەو ($١٠) ئێستا پرسیارم کردوە هیچ دەرخستەیەکی نیە.
وتیشی: لەلایەن بەرێوبەر و سەرپەرشتیاری مەرزی پەروێزخان گرێبەستی ١٠ ساڵی بۆکراوە، نازانین بە پێی چ زانستێک ١٠ ساڵ بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا دیاریکراوە، جیا لەوەش بەرێوبەری گشتیش دەسەڵاتی گرێبەستێکی نیە بۆ ماوەی دە ساڵ.

**«تەواوی مەرزەکانی دیکە ١٥٪ داهاتەکەی بۆ حکومەتە، بەڵام لێرە ٢٠٪ بۆ حکومەتە»**

## ١٠. سەرپەرشتیاری پەروێزخان: دوای هەمو مەرزەکان گرێبەستم بۆ کۆمپانیای دەرمانرێژکردوە

سەرپەرشتیاری مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان دەڵێت: وەزیری دارایی خۆی دەسەڵاتی پێداون کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای تایبەت بە پاکژکردنەوە "تعقیم" بکات، دەرخستە بۆ کارەکەی هەیە و دوای سێ مەرزە نیودەوڵەتیەکی دیکە گرێبەستەکەی کردوە.
عەلی تۆفیق، وتیشی: نرخەکەشی لە مەرزەکانی دیکە کەمتر نەبێت زیاتر نیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی مەرزەکانی دیکە ١٥٪ داهاتەکەی بۆ حکومەتە، بەڵام لێرە ٢٠٪ بۆ حکومەتە.
ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەم کۆمپانیایە بۆ ماوەی دە ساڵ گرێبەستی لەگەڵ کراوە ئەمەش جێگەی سەرنجە چۆن هەڵسەنگاندن بۆ دەساڵ مانەوەی ڤایرۆسەکە کراوە؟
عەباس ئیسماعیل وتی: ئەو کۆمپانیایەی پرۆژەکەی جێبەجێکردوە، پارەیەکی زۆری لەسەرکەوتوە بەهۆی هێنانی ئامێر و پێداویستییەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا.

## ١١. وەرگرتنی پارەی موخەڵسی گومرکی و کۆمپانیای مەنەفێس

بۆ رایکردنی مۆر و واژۆی بەشە جیاجیاکان بەناوی موخەڵسی گومرکی، پارە لە شۆفێران وەردەگرێت، بڕی پارەکەش لە پێنج هەزارەوە دەستپێدەکات و کۆمپانیای مەنەفێسی گومرکیش بۆ هەر ئۆتۆمبێلێکی بار ٢٥ هەزار وەردەگرێت.
کەریم عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دەڵێت: موخەڵسی گومرکی پەرەیەکی ئەی فۆڕە (١٥) هەزاری لەسەر وەردەگیرێت کەس نازانێت بۆچی باشە.
لە بەرامبەردا وتەبێژی مەرزی پەروێزخان، عەباس ئیسماعیل، وتی: موخەڵیسی گومرکی چەند کارەمەندێکن لەبری ئەوەی کەسەکە کە بازرگانە خۆی کارەکان رایی بکات، ئەمان بۆی دەکەن، پارەکەش کە وەری دەگرن بە گوێرەی کارەکەیە، هەیە پێنج هەزار یان پانزدە یان پەنجا هەزارە.
لەبارەی وەرگرتنی پارە لەلایەن کۆمپانیای مەنەفێسی گومرکی، وتەبێژی مەرزی پەروێزخان وتی: کۆمپانیای مەنەفێسی گومرکی تایبەتە بە حکومەتی عێراق و پارەکەشی بۆ حکومەتی عێراقە، لە سەرجەم مەرزە نێودەوڵەتیەکان هەیە و بڕی ئەو پارەی وەریدەگرن ٢٥ هەزار دیناری عێراقیە.




## ١٢. نرخی کۆمپانیاکان لە مەرزەکان یەک دەخرێتەوە

نرخی پشکنین و نرخەکانی دیکەی کۆمپانیاکان لە مەرزە نێودوەڵەتی و لاوەکیەکانی هەرێم جیاوازە، بەشێوەیەکە دیار نیە لەسەر چ بنەمایەک ئەو نرخانە دانراون، بازرگانەکانیش کە لەم راپۆتەدا زانیاریان لێوەرگیراوە دەڵێن: لە وڵاتانی دیکە بە سیستەمێک ئەم نرخانە رێکخراوە، وتەبێژی مەرزەکەش باس لەکۆبونەوەی وەزارەتی دارایی دەکات بۆ رێکخستنەوەی نرخەکان.
عەباس ئیسماعیل، ئاشکرای دەکات وەزارەتی دارایی بۆ ئەو مەبەستە لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەری ئەمساڵ کۆبونەوەی بە کۆمپانیاکان کردوە و نرخێکی جێگیر و گونجاو جێگیر دەکرێت لە تەواوی مەرزەکان.
وتیشی: لە ئێستاشدا پشکنینی ئەو کۆمپانیایانە بە چاودێری حکومەت دەکرێت "کاری پشکنیەکان بەهاوبەشی لەنێوان هۆبەکانی فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و کۆمپانیاکان بەڕێوەدەچێت، هیچ رێگەپێدانێک بۆ بارێک یان کاڵا و خۆراکێک ناکرێت تاوەکو مۆر و واژۆی هۆبەکانی فەرمانگە حکومیەکانی لەسەر نەبێت".

## ١٣. گرێبەستی کۆمپانیاکان بەنهێنی ئەنجام دراون

بەهەمان شێوەی داهاتی مەرزەکان، ژمارەی کۆمپانیاکان و شێوازی گرێبەستەکانیان جێگەی پرسیاربوە لەلایەن لیژنەی پەرلەمان بۆ بەدواداچونی مەرزەکانی هەرێم.
پارلەمانتار: شیرین ئەمین، ئەوەی خستەڕو: "گەندەڵیەکی تەواو لە کاری گرێبەستەکان هەیە، چونکە ناڕونی زۆر هەیە و حکومەتیش ئامادەی وەڵامدانەوە و رونکردنەوەیان نیە".
دەشڵێت: بە پێی زانیاریەکان کۆمپانیاکان دەستی حزب و بەرپرسی حزبی لە پشتە بۆیە زانیاریەکان لە بارەوە ئاشکرا ناکەن.
ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، چەند زانیارییەکی دیکەش لەسەر کۆمپانیاکانی مەرزی پەروێزخان ئاشکرا دەکات.
کەریم عەلی، وتی: ئەوەی سەیرە بە بێ مونافەسە ئەم کارەکان دراوە بەم کۆمپانیایانە، خەڵکیش هەیە بەنرخی کەمتر دەیکات پێی نادرێت، بەمەبەست ئەم کارە کراوە بۆ ئەوەی داهاتی حکومەت کەم بکرێت و داهاتی شەخس زیادبێت.

## ١٤. کۆمپانیاکانی مەرزی پەروێزخان بونەتە هۆی گرانی نرخ لە بازاڕدا

بازرگانێک بەراوردێک دەکات لە نێوان ئەو کاتەی حکومەت پشکنینی بۆ کەلوپەلەکانیان کردوە لەگەڵ ئێستا کە کۆمپانیا دەیکات، بە ژمارەش دەیسەلمێنێت چۆن نرخی بازاڕی هەڵکشاندوە.
فەرهاد حەمید، بازرگان، بەم شێوەیە بەراوردەکەی کرد: کە پشکنینەکان لای حکومەت بو هەرگیز هیچ بارێک پشکنینی نەدەگەشتە سەروی١٥٠ هەزار، بەڵام ئێستا بۆ نزیکەی ملیۆنێک دەچێت بۆ بارێکی ئاسایی.
نمونەی بارێکی زاهی قاپ شتنی هێناوە کە باری خۆی بوە "سەرەتای ئەم مانگە (١٣٠٠) کارتۆنی زاهی قاپ ششتنم هێناوە، (٧٨٠) هەزاریان لێوەرگرتوم بۆ پشکنین، لەگەڵ (٦٠٠) هەزار دینار بۆ گومرک، ئەمە ئیتر ئەمە چۆن نرخی کەلوپەل و پێداویستی لەبازاڕ بەرزناکاتەوە؟"
بە قسەی ئەو، ئەمە لە کاتێکدایە، هیچ جیاوازیەک لە نێوان پشکنینی حکومەت و کۆمپانیاکان نیە دەڵێت: نازانین بۆچی بەمشێوەیەی لێکرا؟!
لە بەرامبەر ئەم گرفتەدا، حیکمەت ئەحمەد، بەڕێوبەری چاودێری بازرگانی گەرمیان، دەڵێت: ئێمە پەیوەندیمان بە مەرزی پەروێزخانەوە نیە.

# سێیەم: خزمەتگوزارییەکانی مەرزی پەروێزخان

## ١. مەرزێک وێرانە لە خزمەتگوزاری

پەروێزخان ماوەی ٢٤ ساڵە کاری بازرگانی تیدادەکرێت، بە فەرمی ٩ ساڵە وەک دەروازەیەکی نێودەوڵەتی ناسێندراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لەروی خزمەتگوزاریەوە لە هەرچوار مەرزەکەی هەرێم وێرانەترە. شیرین ئەمین، وادەڵێت. ئاماژەی بەوەشکرد: هیچ سیمایەکی نێودەوڵەتی پێوەدیار نیە.
سەرۆکۆ ئازاد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و یەکێک لە ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان، لە لیدوانێکیدا بۆ رادیۆی دەنگ دەڵێت: "مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان سەرباری ئەو جوڵە زۆرەی بازرگانی کە تێیدا هەیە، پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکپێویست نیە".
لەبەرامبەردا وتەبێژی مەرزەکە دەڵیت: نەوەک وەکپێویست نیە، بەڵکو لە ئاستێکی خراپدایە.
وتیشی: "هیچ کارێکی بۆ نەکرا وەک خزمەتگوزاری ئەوەبو لە ئێرانەوە ئاو کارەبای بۆ راکێشرا هەرکات ویستی نەبوایە دەیکوژاندەوە.
عەباس ئیسماعیل، ئاماژەی بەوەشکرد: لە ساڵی (٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧) بەڕێوبەری مەرز لە وەزارەتی دارایی رەزامەندی دو پرۆژەی وەرگرت کە راکێشانی کارەبا و ئاو بو بۆ مەرزەکە و ئەو گرفتە چارەسەرکرا، بەڵام ئێستا کارەباکەی ٢٤ کاتژمێری نیە، بەتەمای دانانی محاویلەیەکی مۆبایلین بۆ ئەوەی ٢٤ کاتژمێر کارەبا بەردەستبێت.

## ٢. هیچ شوێنێکی پشوی نیە

وەرزی هاوین کە پلەی گەرمی لە گەرمیان دەگاتە سەروی (٥٠) پلەی سەدی، سێبەرێک نابینرێت لە پەروێزخان بۆ تاوێک پشوی ئەوانەی کاردەکەن، دەبێت بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر لەژێر تیشکە گەرمەکانی خۆر بمێننەوە و تەپو تۆزی خۆڵاو هەڵمژن، لەوەرزی زستانیش قوڕولیتە شوێنی ئەو دیمەنەی هاوین دەگرێتەوە.
فەرهاد حەمید، بازرگان لە گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر تەنها (٥٪)ی داهاتەکەیشی بۆ خەرج بکرایە، ئەمە دیمەنی مەرزێکی نێودەوڵەتی نەدەبو.
باسی لەوەشکرد ئەو کابینەی د.بەرهەم ساڵەح، سەرۆکی حکومەت بو هاتە ئێرە بەڵێنی خەرجکردنی ئەو رێژە داهاتەی بۆ مەرزەکە دا، بەڵام وەک بەڵێنەکانی دیکە مایەوە کە شێخ بایز تاڵەبانی و ئاواتی شێخ جەناب وەزیرانی دارایی لای خۆیانەوە داویانە.
ئەمە رای (رزگار محەمەد)یشە کە بەڕیوبەری قەپانەکانی مەرزی پەروێزخانە، دەڵێت: ئاو بە تەنکەر دێت بۆمەرزەکە، رێژەی سەوزایی سفرە، ویستمان دار بهێنین بەڵام ئاو نیە، ساڵی ٢٠١٦ بیرمان لێدا تا قوڵی (١٥٠)مەتر ئاوی نەبو، ئێستا دەڵێن موچە نیە ئەی دە ساڵ و بیست ساڵی پێشو کێشە چی بو!؟ لەم ساڵ شەش مانگ ئاوەڕۆی مەرزەکە گیرابو چاک نەدەکرا، میوانێک دێتە مەرزەکە ئێمە شەرم دەکەین بەو شێوەیە.
محەمەد حەمەئەمین، نوێنەری زیاتر لە ٢٧٠٠ شۆفێری ئەم مەرزەیە، دەڵێت: کەمی خزمەتگوزاری تاقەتی لێبڕوکاندوین، نازانین بۆچی ئەم مەرزە وایە؟.
سەرپەرشتیاری مەرزەکەش هاوڕای ئەوانە و دەڵێت ١٠٠٪ لەگەڵ قسەکانیانم و ئەم مەرزە پێوستی بە خزمەتگوزاریە و دەستمان بە هەنگاویش کردوە بۆ ئەوەبەستە.

> «کۆمپانیایەک ئامادەیی دەربڕیوە کە رێگای پەروێزخان بکاتە دوساید، بەڵام دەبو هەر ئۆتۆمبێلێک پێنج هەزار دینار بدات بۆ هاتوچۆکردن»

## ٣. بە رێگای پەروێزخان دەوترێت "رێگای مەرگ"

رێگای مەرزی پەروێزخان یەکێکە لەو رێگایانەی بەهۆی هەڵکەوتەی بازرگانیەکەیەوە هاتوچۆیەکی بەردەوامی لەسەرە، بەڵام وەک شۆفێر و بازرگانەکانی مەرزی پەروێزخان دەڵێن، ئەوان ناویان ناوە "رێگای مەرگ".
فەرهاد حەمید، ئەوەی ئاشکراکرد کە کۆمپانیایەک ئامادەیی دەربڕیوە کە رێگای پەروێزخان بکاتە دوساید، بەڵام دەبو هەر ئۆتۆمبێلێک پێنج هەزار دینار بدات بۆ هاتوچۆکردن بە رێگەکە، بەڵام حکومەت رازی نەبو.
بازرگان و شۆفێرەکان هێندە بێزاربون بەدەست رێگاکەوە ناچار پێشنیاری دیکە دەبەنە ئیدارەی گەرمیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان.
وەک فەرهاد حەمید، باسی لێوەکرد: نزیکەی شەش ساڵ پێش ئێستا پلانێکی ترمان هەبو کە دانانی سندوقێک بو کە بازرگانەکان پارەی تێبکەن و چەند مانگ جارێک بۆ خزمەتگوزاری رێگاوبان و دابەشکردنی بەسەر ئەو خێزانانەی گەرمیان کە هەژارن، ئیدارەی گەرمیان ئەوکات رازی بو، بەڵام بەرپرسێکی ئەمنی گەرمیان رێگری کرد لەوە.

### ٤. ئیدارەی گەرمیان: داوای خەرجکردنی ڕێژەیەک لە داهاتی مەرزەکە دەکەین

داهاتی مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان ڕاستەوخۆ دەچێتەوە خەزێنەی گشتی و هیچ بڕێک لەو داهاتە نە بۆ گەرمیان و نە بۆ دەروازەکە خەرجناکرێت.
جەلال نوری، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، ڕایگەیاند: ئێمە دوامانکردوە ڕێژەیەک لە داهاتەکەی بۆ گەرمیان بێت یان ئەگەر هیچ داهاتێک بۆ گەرمیان خەرج ناکەن با ڕێژەیەک بۆ خزمەتگوزاری دەروازەکە بێت.
باسیلەوەشکرد، ناکرێت دەروازەیەکی نێودەوڵەتی خۆڵ بێت و ڕێگاوبانێکی وێرانەی هەبێت.

# چوارەم: ڕێکخستنەوە مەرزی پەروێزخان

## ١. گۆڕانکاری ریشەیی لە کاری مەرزەکان دەکرێت

سەرپەرشتیاری مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان ئاشکرای کرد لە ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و بە سەرپەرشتی سەرۆکی حکومەت، لیژنەیەک دروستکراوە بۆ بڕیاردان لە سەر چەند پرسێک، لەوانە: گۆڕینی کاری کۆمپانیاکان، ڕەنگە چەند ئیشێک ئیدی حکومەت خۆی بیکات لەگەڵ گۆڕینی ڕێژەی داهات و ڕێکخستنی نرخەکان.
وتیشی: رای من وایە کۆمپانیاکان زۆر چالاکترن لە حکومەت و لە هەندێک ڕووەوە کارەکان بەخێرای دەکەن.
جەختیکردەوە ئەمەی بۆ پشتگیری کۆمپانیاکان نیە، بەڵام ەیکخۆی وتی: "ئەدای دەزگا حکومیەکان بەهۆی پینەدانی موچە و ئیدارەدانی حکومەت بۆ کارەکانی لاوازە".
لە ئێستادا ٢٠٪ داهاتی کۆمپانیاکان بۆ حکومەتەو ٨٠٪ی بۆ کۆمپانیاکانە.

## ٢. دەروازەی پەروێزخان دەبیتە ٢٤ کاتژمێری

کارکردن لە مەرزی پەروێزخان لە مانگی کانونی یەکەمەوە دەبێتە ٢٤ کاتژمێریی.
عەلی تۆفیق، ئاماژەی بەوەکرد ئێستاش دەتوانین بڵێین شەو و ڕۆژ کاردەکرێت لە مەرزەکە، بەڵام چەند کارێکی کەممان ماوە بۆ ئەوەی ببێتە ٢٤ کاتژمێری.
هەروەک عەباس ئیسماعیل وتەبێژی مەرزەکە زانیاری زیاتری لە بارەیەوە خستەڕو: بەهۆی تەواوبونی پڕۆژەی روناکی ناو دەروازەکە کاتی کارکردن لە دەروازەکە دەبێتە ٢٤ کاتژمێریی، چونکە پێشوتر تاریک بو نەماندەتوانی بەردەوام کاربکەین و ڕۆژانە لە کاتژمێر ٣:٣٠ خولەکی بەیانیەوە دەستمان بەکاردەکرد تاوەکو کاتژمێر ٨:٠٠ی شەو.

## ٣. چەند دەسەڵاتێک دەدرێتە بەڕێوبەری مەرزەکان

چەند دەسەلاتیکی زۆرگرنگ بە بەڕێوبەری مەرزی پەروێزخان دەدرێت و لەسەرەتای ساڵی نوێوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.
سەرپەرشتیاری مەرزەکە ئەوەی ئاشکراکرد کە ئەو دەسەڵاتانە وادەکات کاری مەرزەکە بەشێوەیەکەی گونجاو ڕێکبخەنەوە.
لەبارەی دەسەڵاتەکانیشەوە وتی: ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان داوە لەنێویاندا دەسەڵاتی کارگێڕی و ژمێریاری و چەند دەسەڵاتێکی دیکە.

## ٤. روبەری مەرزەکە زیاد دەکرێت و دەست بەجێبەجێکردنی ماستەر پلانەکەی دەکرێت

هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی ماستەرپلانی دەروازەی پەروێزخان دەنرێت، ماوەی ٤ مانگ دەبێت ٢٥٠ دۆنم زەوی بۆ مەرزی پەروێزخان زیادکراوە و وەزارەتی دارایی قەرەبوی خاوەنەکانی کردوەتەوە.
عەلی تۆفیق، ڕایگەیاند: بە پلانێکی ورد دەستمان بە کارکردن کردوە بۆ جێبەجێکردنی ماستەرپلانی پەروێزخان، لیژنە دروستکراوە چاوەڕێی واژۆی وەزیری داراین بۆ خەرجکردنی ١٠٠ ملیۆن بۆ نەخشەی دەروازەکە، چونکە دەروازەکە پێویستی بە نەخشەی تایبەت هەیە و دەبێت بۆ دور مەوداش نەخشەی بۆ دابنرێت.
"بەشی هونەری ئەندازیاری سلێمانی هاتونەتە مەرزەکە بۆ ئامادەکردنی نەخشەی تایبەت"، عەباس ئیسماعیل دەشڵێت: پێشنیارمان کردوە ئەگەر حکومەت خۆی لەم کاتەدا ناتوانێت جێبەجێی بکات، بیدات بە کەرتی تایبەت.
ڕۆژانە ٩٠٠ بۆ ١١٠٠ ئۆتۆمبێل لە مەرزی پەروێزخان هاتوچۆدەکەن و دەمێننەوە، بەتایبەت کە باری تەڕە کراوەتەوە، لەگەڵ ٥٠٠ بۆ ٦٠٠ تەنکەری نەوت و باری ترانزێت.
وتەبێژی مەرزەکە دەڵێت: بەمهۆیەوە زۆر پێویستمان بە شوێنی پارکینگە، شوێنی بۆ دیاریکراوە، بەڵام کاتی کردنەوەی دیار نیە.
ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەڵێت: ئەو زەویەی بۆ پارکینگی ئۆتۆمبێلی مەرزەکە ئێستا کاری تێدا دەکرێت زەوی دەوڵەتە و موڵکی وەزارەتی داراییە. روبەرەکەی (٥٠) دۆنمە، بە بێ پرسی حکومەت ڕەگەزەکەی گۆڕاوە و کاری تێدا دەکرێت و باسی وەرگرتنی (٥ بۆ ١٥) هەزار دینار دەکرێت بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک.
کەریم عەلی، وتیشی: ئەو داهاتە بۆ تاکە کەسە و پرسی هیچ لایەنێکی نەکردوە بۆ کارەکەی، ئەوەندەی ئێمە بەدواداچونمان کردوە هیچ مۆڵەتێکی نیە، برای بەرپرسێکی باڵای گەرمیان هاوبەشە لەکارەکەیدا.
بە پێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨ مادەی چوارەم خاڵی یەکەم، هەر رەفتارێک یان کارێک لەسەر زەویوزاری دەوڵەت کاری تێدابکرێت، ئەوا بە زیادەڕەوی هەژماردەکرێت ئەگەر مۆڵەتی یاسایی نەبێت، لە نێویاندا گۆڕینی ڕەگەزی زەوی بە دیاریکراوی ئاماژەی پێکراوە.
نوێنەری شۆفێرانی مەرزی پەروێزخانیش دەڵێت: ئێمە ئاگەدارنین کە گەراجەکە تەواو بو پارەمان لێوەردەگرن، چونکە ئێمە گلەیمان هەبو لە نەبونی شوێنی پارکینگ، بەرپرسانی مەرزەکە وتیان ئەوێ دەکەینە گەراج، بەڵام باسی پارەنەکراوە، ئەگەر وەریشی بگرن ئەوەش دەچێتە ریزی پارەوەرگرتنەکانی دیکەوە.

# بەشی دوەم: دەرئەنجام و راسپاردەکان

## یەکەم: دەرئەنجام

١. ئەگەرچی مەرزێکی نێودەوڵەتی چالاکە، بەڵام لە روی خزمەتگوزارییەوە پەروێزخان کێشەی زۆری هەیە، نە لە روی رێگاوبانەوە، نە لە روی ئاو و کارەباوە، نە لە روی بونی گۆڕەپانیشەوە وەکپێویست خزمەتگوزاریی تێدا نیە. ئەمەش وایکردوە ئەوانەی لەو مەرزەدا کاری بازرگانی و کەسابەت دەکەن، نیگەران بن و تەنانەت هەست بە شەرمیش بکەن لەکاتی هاتنی بازرگانی وڵاتی دیکە بۆ مەرزەکە.

### «داهاتی مەرزی پەروێزخان مانگانە دەگاتە (٢٠ بۆ ٢٢) ملیار دینارە»

٢. داهاتی مەرزەکان لە هەرێمی کوردستان بە بەوردی ئاشکرا ناکرێن، لەنێویشاندا مەرزی پەروێزخان، کەتائێستا نازانرێت داهاتەکەی چەندە، تەنانەت پەرلەمانتارانیش ماوەی ساڵێکە چاوەڕێی حکومەتن بۆ ئەوەی داهاتەکەیان بۆ ئاشکرا بکات، بەڕێوبەری مەرزەکەش هۆکاری ئاشکرانەکردنی دەبەستێتەوە بەوەی دواتر لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، وتەبێژەکەشی دەڵێت کۆتای ئەمساڵ داهاتەکەی ئاشکرا دەکەین.
ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت: داهاتی مەرزی پەروێزخان مانگانە دەگاتە (٢٠ بۆ ٢٢) ملیار دینارە، چالاکوانێکیش دەڵێت: پێش ئاشکرابونی ئەم قاچاخچێتیە لە رۆژێکدا (٣٥٠ بۆ٤٧٠ ملیۆن) دینار بوە.

٣. لە مەرزەکەدا کاری قاچاخچێتی کراوە بە دو ئاست، ئاستێک بە هێنانی کەرەستەی یاساغ و رێگەپێنەدراو، ئاستێکی تریش بە گومرک نەکردنی کەرەستە و شمەکی دیارییکراو. ئەمەش خودی پارلەمنتاران و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا جەختی لێدەکەنەوە.
بەرپرسانی مەرزەکەش دان بە بونی ئەم قاچاخچێتیە دەنێن، کاتێک وتەبێژی مەرزەکە ئاماژەی بەوەکرد چیتر کاری قاچاخچێتی لە مەرزەکە ناکرێت و ئەو کارە راگیراوە.
ئیدارەی گەرمیانیش بەهەمانشێوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو قاچاخچێتیە راگیراوە.
هەروەک بۆ ئەو قاچاخچێیتە، حزبە بەڵادەستەکان و بەرپرسەکانیان تۆمەتبارن، تەنانەت هێزە ئەمنیەکانیش تۆمەتبارن بەوەی ئەو بازرگانیە نایاساییە دەپارێزن.

**کۆمپانیاکان ٨٠٪ داهاتەکەیان بۆ خۆیانەوە ٢٠٪ داهاتەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ حکومەت**

٤. بەشێکی زۆری کارەکانی مەرزەکە دراون بە کۆمپانیاکان، ئەمەش دو دیوی هەیە: دیوێمی ئیجابی بەوەی کە کارەکانی خێراتر کردوەتەوە وەک بەڕێوبەری مەرزەکە ئاماژەی بۆ دەکات، دیوێکی سلبیش بەوەی هەم پارە لەسەر بازرگانەکان زیاتر دەکەوێت و زیاتر رەسمی کار و خزمەتگوزاریەکانیان لێوەردەگیرێت، هەروەک بەوهۆیەشەوە داهاتی حکومەتیش کەمتر دەبێتەوە، بەشێوەیەک کۆمپانیاکان ٨٠٪ داهاتەکەیان بۆ خۆیانەوە ٢٠٪ داهاتەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ حکومەت.
٥. نرخی کاری کۆمپانیاکان لە مەرزەکان وەک یەک نین و هەست بە جیاوازیی دەکرێت، هەندێک خزمەتگوزاریی هەیە کە لە پەروێزخان بە نرخێکە و لە مەرزێکی تر بە نرخێکی تر. سەرباری ئەوەی هەندێک خزمەتگوزاریی هەیە کە بە ناپاێویست و نازانستی دەزانرێت، لە نمونەی: دەرمانرێژکردن بۆ کۆرۆنا کە بۆ ماوەی ١٠ساڵ دراوە بە کۆمپانیایەک و گرێبەستی بۆ کراوە.

٦. دوای شەش مانگ لە راگرتنی کارەکانی کۆمپانیایی دڵنیای دەستی بە کار کردوەتەوە، کە بڕەکەی (٢٠) هەزار دینارە، لە هەرشۆفێرێک وەردەگرێت کە هاتوچۆی دەروازەکە دەکات، دەوترێت لە کاتی ڕودانی ڕوداوی نەخوزراویشدا تاکو ئێستا قەرەبوی هیچ شۆفێرێکی نەکردوەتەوە، ئەمەش بە جۆرێک لە "پارەخواردن" وێنادەکرێت لەلایەن کۆمپانیاکانەوە.

**بە پێی یاسای بەرکاری هەرێم دەبێت کێشان لە لایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی بکرێت**

٧. کێشکردن لە مەرزی پەروێزخان کەرتی تایبەت بەڕێوەی دەبات، ئەمە لەکاتێکدایە بە پێی یاسای بەرکاری هەرێم دەبێت کێشان لە لایەن حکومەتەوە سەرپەرشتی بکرێت، بەڵام تەنها لە دو مەرزی هەرێم ئەوە پیادەدەکرێت، بەشێک لە داهاتەکەشی دەبێت لە رێگاوبانەکانی ناوچەکە خەرج بکرێت، بەڵام بەڕێوبەری رێگاوبانی گەرمیان دەڵێت: هیچ پارەیەکمان بەوناوەوە بەدەست نەگەشتوە.

٨. چەند پلانێک هەیە بۆ باشترکردنی دۆخی مەرزەکە و خزمەتگوزارییەکانی، بەشێوەیەک: دەویسترێت لە سەرەتای مانگەوە کارەکانی بکرێت بە ٢٤ کاتژمێریی، هەروەک کارەکانی رێکبخرێتەوە و خزمەتگوزارییەکانیشی باش بکرێت.

## دوەم: ڕاسپاردەکان

١. پەروێزخان بە شادەمارێکی گرنگیی داهات لەسەر ئاستی هەرێم و ناوچەی گەرمیانیش هەژمار دەکرێت، چ بۆ حکومەت و چ بۆ هاوڵاتیانیش، بونی ئەم مەرزە وایکردوە جوڵەی بازرگانی لە سنوری گەرمیان و خانەقین باش بێت، ئەمە جگە لە سوتە داراییە زۆرەکەی بۆ حکومەت.
بۆ ئەوەی ئەم جوڵەیە بەردەوام بێت، مەرزەکە پێویستی بە ڕێوشوێنی تازە و گونجاو هەیە، لەمڕوەشەوە دەرکردنی یاسایەک لە پارلەمان بۆ کاری مەرزەکان بەگشتی و دەستنیشانکردنی وردەکاریەکانی کارکردنی ئەم بوارە، گرنگ و هەمیش پێویستە.
ئەگەر پرۆژە یاساش بەهۆی دۆخی سیاسی هەرێم و بەغدا و تەنانەت دۆخی نازوخۆییشەوە بۆ ئێستا زۆر گونجاو نەبێت، ئەوا حکومەت ئەگەر ڕێکخستنەوەی ئەم بوارەی بەلاوە گرنگە، دەتوانێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی کۆنفرانسێک بە بەشداریی شارەزایان و بەرپرسانی ئەم بوارە، هەوڵ بۆ ڕێکخستنەوەی بداتەوە و دواتر لە ڕێگەی دەستە و لیژنەیەکەوە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە تەرجومە بکاتە سەر واقیع و بە بڕیار و ڕێنمایی کاری مەرزەکانی پێ ڕێکبخاتەوە.

٢. مەرزی پەروێزخان خزمەتگوزارییەکانی و بونیادەکەی هاوشان نیە بە قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و داهاتەکەی، بەشێوەیەک خزمەتگوزاریەکانی خراپە و داهاتەکەی باشە "ئەگەر نەڵێین زۆر باشە"، بۆیە لەمڕوەوە حکومەت پێویستە کاری جیدیی بکات و پرۆژەی ستراتیژیی گرنگ بۆ مەرزەکە ئەنجام بدات بەمەبەستی برەوپێدانی، کە ئەم برەوپێدانە سەرەنجام وادەکات داهاتەکەیشی زیاتر ببێت.

٣. بونی کاری قاچاخچێتی و نایاسایی، ناوبانگی مەرزەکەی بە تەواوی ناشرین کردوە، بوەتە کارێکی بەرچاو کە بە ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و حزب و بەرپرسەکانی دەستیان تێدا هەیە.
گرنگە حکومەت و پارلەمان، جیدیی تر لەم روەوە بەدواداچون و لەوەشگرنگتر بڕیاریان هەبێت، چونکە ناکرێت چیتر داهاتی مەرزەکە بەهەدەر بدرێت و ناوبانگەکەشی هێندەی تر ناشرین بکرێت.
بۆ ئەمەش حکومەت گرنگە کە هێزیی چاودێریی ئەمنیی تایبەت بە مەرزەکان پێکبهێنێت، بەشێوەیەک کە پاشکۆی هێزە حزبییەکان نەبن و وەلائی نیشتمانییان هەبێت.

### «گرنگە حکومەت هێزیی چاودێریی ئەمنیی تایبەت بە مەرزەکان پێکبهێنێت»

٤. پێویستە پێداچونەوە بەکاری کۆمپانیاکان دا بکرێت، ئەو کارانەی بەپێی یاسا و کە واش باشترە حکومەت سەرپەرشتی بکات، هەر لەلای حکومەت بمێنێتەوە، کاری دیکە کە بە کۆمپانیا دەسپێردرێت، بە کێبڕکێی یاسایی و شەفاف بە کۆمپانیاکان بدرێت و بە گرێبەستی یاسایی ئەنجام بدرێن، تیایدا ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتی بکرێت و بەجۆرێک نەبێت کە تەنها لە بەرژەوەندیی کۆمپانیاکاندا بێت.

٥. بڕیاردان لە ئەنجامدانی چاکسازیی و پرۆژەی خزمەتگوزاریی لە مەرزەکە، هەنگاوێکی باش و گرنگە، چاوەڕێ دەکەین وەک ئەوەی ڕاگەیەنراوە، پرۆژە چاکسازییەکان بەگەڕ بخرێن بۆ مەرزەکە.

لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە

یەکەیەکی ڕۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی ڕادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. ئەحمەد حەمید وەلی
٢. زریان محەمەد
٣. ڕێناس ساڵح

* ئامانجی یەکە
١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.
٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.
٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.
٤. دروستکردنی ڕایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

بۆ پەیوەندی
07480207400 - 07702303676
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodang.org